# بەڵێ . .ئەم کوڕەم دەیەوێت ببێت بەنوسەر!!

خوێندنەوەی دواکتێبی گابرێل گارسیا مارکێز (ژیان لەپێناوی گێڕانەوەیدا )

ئیسماعیل حەمەئەمین

دەمەوێت ببم بەنوسەر ... ئەمە یەکەم ڕستەیە لەسەرەتای کتێبەکەی مارکێز( ژیان لەپێناوی گێڕانەوەیدا)مارکیز بیری خۆی و خوێنەرانی دەهێنێتەوە، ئەو پرسیارە ئەزەلیە قورسەی هەموو یەکێک لەئێمە بەهەستێکی زۆر لەگومان و چێژەوە لەخۆمانی دەکەین ، ئایا بوون بەنوسەر بڕیارێکی ڕاست و دروستە یاوەکو وەهمێکە هەموو ژیانت لێدەکات بەدۆزەخ؟ !ئایا نوسەر بوون و چیرۆک گێڕانەوە لە وڵاتێکدا کەپڕێتی لە قاچاخچی تلیاک و سیاسی شکستەخواردوو وجەنگی ناوخۆ و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی بڕیارێکی دروستە ،یاوەکو خۆکوشتنێکە لەسەر بەردی ئەلحەد؟ ئایا لەنێو ئەو هەموو بەنێو شاعر و نوسەرە ڕەسمیە کەوەک قەلی خرت لەتەنیشت حیزبە سیاسی و حکومەتەکاندا خۆیان دەلێسنەوە، تۆیەک کەبڕیاری بەنوسەربوونت داوە چ ڕۆڵێک دەدەیت بەخۆت؟ !، چۆن دەتوانی لەنێو ئەو هەموو خوێنەرەی کەهیلاکە بەدەست سەختی ژیان و شەڕەبەردەوامەکانی حیزب و سیاسەت و هەژاریەوە، لەوڵاتێکدا کەپڕێتی لەڕۆژنامەو نوسەر لەسەر توێژاڵی ڕۆشنبیری دەژین ، جێگەیەک بۆخۆت بکەیتەوە ، کەبەهەقەت پڕاوپڕی ووشە نوسەر بێت؟..
ئەمانەو زۆر بیرۆکەی ئاوەها لەسەرەتای بیرەوەریەکانی مارکێزەوە لەگەڵ خۆیدا دەمانهێنێت و دەمانبات.

## پەیوەندی مارکیز و دایکی

دووبابەت سەرنجی خوێنەری مارکێز ڕادەکێشێت کە لەزۆربەی چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنوسیەکانیدا باسی لێوە کردووە، یەکەمیان: ماڵ کەپابەندە بەخانوەکۆنەکەی ماڵی باپیرەی لەدایکەیەوە، و دووهەمیشیان :پەیوەندیەتی لەگەڵ دایکیدا، ئەوەی تازەیە لەم گێڕانەوەیەی مارکیزدا ئەوەیە کەتاوەکو ئێستا خوێنەری مارکیز لەڕێگەی چاوپێکەوتنەکانیەوە ئەو وێنەیەی لا دروست دەبێت، دایک پشتگیکاری بووە لە بڕیارە گرنگەکانی ژیانیدا، بەتایبەت لە چوارچێوەی ئەو ژیانەی ئەز ناوی (ژیانی نووسین)ی لێدەنێم لە (بۆنی گوافێ) دا کەڕۆژنامەنووس پیلینیو مینۆدۆزا گەڵیدا ئەنجامی داوە مارکێز دەڵێت:

دوازدەساڵی ڕێکە بەبەردەوامی و لەکاتی خۆیدا تەلفۆن بۆ دایکم دەکەم، لەهەر شوێنێکی دنیابم هەوڵدەدەم لەو کاتەدیاریکراوەدا تەلفۆنی بۆ بکەم، ..ئەم تەلفۆنانەم لەگەڵ دایکمدا بەشێکە لە بەردەوامبوونی پەیوەندیەکی جیدی..
مارکیز - بۆنی گوافە-ل 22

Gabrel Garcia Marquez : Der Gruch der Guavye. Gespraech mit Pilino Apuleyo Menodoza. KiWi Verlag 1982.


13a. Mit Plinio A. Mendoza 1981 in Paris.

میندۆزا و مارکێز لە پاریس 1981

یاخود لەشوێنێکی دیکەدا باس لەوەدەکا کەدایکی خوێنەرێکی بەسەلیقەی کتێبەکانێتی و سرووشی (ئیحای) ئەوەمان پێدەبەخشێ کەهەر لەسەرەتاوە پشتگیری پرۆژەی نوسینی ئەوەی کردووە، لەبۆنی گوافەدا دەڵێت:
کاتێک دایکم کتێبەکانی من دەخوێنێتەوە لەهەندێک فەسڵیدا سەرچاوەی ئەو فیگوروکەسانەی دەناسیەوە کەمن کەسایەتی ڕۆمانەکەمم لێوەپێکهێناوە، زۆر جار لەکاتی خوێندنەوەدا گوێیان لێبووە گووتوویەتی : ئاخ ... ئامۆزا هەژارەکەم.. لەم ڕۆمانەدا وەکو کۆنەحیزێک باسی لێوەکراوە..

بەڵام بەجیاوازی ئەو وێنەیەی تاوەکو ئێستا بۆ دایکی مارکێز لامان گەڵاڵە بووە،

لەبیرەوەریەکانیدا مارکیز باس لەو زۆرانبازیە سەختە دەکات لەنێوان خۆی ودایکدا، (کەبێگومان ئەمەش وەکو خۆی دەڵێت بەشێکە لە پەیوەندیەکی جیدی)،باس لەسەرەتای ئەو زۆرانبازیە دەکات کەلەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات دایکی لەشاری (باررانکڤیلا) لەو شوێنەی ئەو لەگەڵ نوسەر و ڕۆژنامەنوسە شێتەکانی هاوەڵی دادەنیشێت، قوت دەبێتەوەو هەر بەو تۆنە جیدیەی جەخت لەخۆی دەکات و دەڵێت

ئەوە منم هاتووم .. منێک کەدایکی تۆم .. ل7

گاربریل گارسیا مارکێز : ژیان لەپێناوی گێڕانەوەیدا. وەرگێڕانی ئەڵمانی لەلایەن دەزگای چاپی کیڤیەوە .

Gabrel Garcia Marquez: Leben, um davon zu erzaehlen. KiWi Verlag 2002 . S 9.

لێرەوە سەرەتای بیرەوەریەکانی مارکێز دەستپێدەکات بە سەفەری دایکی بۆ لای کوڕە گەورەکەی کە لەدووهەم ساڵی خوێندنی لەکۆلێژی ماف وازیهێناوە بۆ ئەوەی ببێت بە نوسەرێکی لەبرسا مردوو!!، لەهەمانکاتیشدا دەیەوێت مارکێز لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ شارێکی دیکە (ئاراکاتاکا) بۆئەوەی مامەڵەی فرۆشتنی خانووە کۆنەکەی باپیریان لەگەڵ کرێچیەکۆنەکەیدا تەواوبکەن، بیرەوەریەکانی مارکێز بەم دێڕانە دەستپێدەکات :

دایکم داوای ئەوەی لێکردم بۆ فرۆشتنی خانوەکە لەگەڵیدابم .ئەو بەیانی زوو گەیشتبووە باررانکڤیللا ، دایکم لە شارێکی دوور و بچوکەوە هاتبوو، ئەو شارەی خێزانەکەمی تێدادەژیا، لێرەولەوێ لەمنی پرسی بوو،پێیانگووتبوو کەدووشوێن هەیە من ڕۆژانە سەردانی بکەم، کتێبخانەی (موندۆ) یاوەکو ئەو قاوەخانەیەی لەتەنیشتیەوەیەتی ،بەڵام ئەوەی ڕێگەی نیشاندابوو بیری نەچووبوو بەدایکم بڵێت : زۆر گوێیان پێمەدەرێ، ئەوانەی لەوێ دادەنیشین کۆمەڵێک شێت وشبرن....

هەمان سەرچاوە
Gabrel Garcia Marquez: Leben, um davon zu erzaehlen. KiWi Verlag 2002

فرۆشتنی خانوی باپیرە گەورەی ڕووداوێکی گرنگە بوو لە (بوون بەڕۆماننوس)ی مارکێزدا، ئەم هەوڵدانە بۆ بوون بە نوسەر لەو زۆرانبازیەوە دەستپێدەکات کەلەچوارچێوەی فرۆشتنی خانویماڵی باپیرەدا و لە سەفەرێکی چەند ڕۆژەدا لەسەر پاپۆڕێکی شڕی بەنێو ڕووباری (ماگدەلینا)،ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت لە( ژیانی نووسین)ی مارکێزدا .مارکێز باس لەو سەفەرە کورتەدەکات لەسەر ئەو پاپۆڕەی بەنێو دنیای پڕ هەڵم و تیمساح و ڕووبەری گەورەی قەوزەی ئەو ڕووبارەدا ڕێیکردووە، بەنێو

ئەو گوندە بچوکانەی ماسیگرەکان  تۆڕی ماسیەکانیان لەبەر خۆری کاریبی هەڵخستووە، ئەو تیرۆژە تیشکانەی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا لەنێوان چڕی جەنگەڵستانی دارستەکانی بارانی کاریبیدا خۆیان بەسەر ڕووبەری ئاوی مەنگی پێچی پڕ قەوزەتەمەڵەکاندا پەرشکردۆتەوە،  بەسەر  دنیای دەرەوە بەگەرمی و بێزاریەوە ،دنیایەک بیرەوەری دەجولێنێ، هەستێک ، نۆستالژیایەک کەپابەندە  بۆ شوێن وبیرەوەریەکانی لەگەڵ باپیرەی، ئەمانە  دنیای ناوەوەی مارکیز قوڵتر دەکەنەوە لەنێوان بێدەنگی خۆی و جگەرەکێشان و و کتێب خوێندنەوەدا  .
بەدرێژایی ئەو سەفەرە کورتە دایکی دەیەوێت ئەو هۆکارە بزانێت کە مارکێزی گەنجی والێکردووە واز لە خوێندن بهێنێت لە کۆلێژی ماف و لەو چایخانەو کتێبخانە لات و پاتانەدا بکەوێت ، کار بۆ ڕۆژنامەیەک بکات توانای دەرهێنانی خەرجی ڕۆژانەی خۆی  نیە و فرۆشتنیشی ئەوەندە نیە کەبتوانێت ڕۆژنامەنوسێکی سەرەتایی وەک مارکێز پێی بژی ، ئەمە ڕووی ئەو کێشەیە لە نێوان مارکێز و دەروروبەرەکەی، لەنێوان گەنجێک بڕیاری داوە نوسەر بێت و بەهەژاری بژی ، لە کۆمەڵێکدا ناتوانێت لەوە تێبگات کەچۆن دەکرێت گەنجێکی زیرەک واز لەخوێندنی داد بهێنێت بۆ چارەنووسێکی نادیار و پڕ کێشەی بوون بە نوسەر !!، بەتایبەت لەوڵاتێکدا پڕێتی لە ئاژاوەی سیاسی و قاچاخچی تلیاک و میلیشیا. ژیانی سیاسی و ڕەگەزیندووەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەڵدەسوڕێنن، ئەمە سەرکێشیەکی  کەرانەیە و دایکی مارکیزیش لەم گۆشەنیگایەوە دەیەوێت مارکێز لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە، سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم گفتوگۆیە لەنێوان مارکیز و دایکی  ڕادەکێشم  لەکاتی سەفەریاندا بەنێو ڕووباری ماگدەلینادا:

دایکم بێئەوەی سەیری من بکات گووتی  :باشە پێم بڵێ من ئێستا چی بەباوکت بڵێم ؟،من هەوڵمدا تۆزێک خۆم بدزمەوە لە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و گووتم : دەربارەی چی ؟ دایکم گووتی :چۆن دەربارەی چی !! دەربارەی تاکە کێشە کەئەوی سەرقاڵ کردووە، خوێندنت لە زانکۆ.من شانسێکی باشم هەبوو، لەو کاتەدا پیاوێکی پیر لەپشتمانەوە گوێی لێدەگرتین و ئەویش دەیویست لەو تورەبوونەی دایکم تێبگات، وەڵامدانەوەی دایکم نەک هەر منی خستە حاڵەتێکی شەرمەوە بەڵکو بەتەواوەتی تووشی سەرسامی کردم کەئاوەها ژیانی تایبەتی خۆی بۆ خەڵکی دیکە بکاتەوە، ئەمە بەشێکە بوو لە هاروژاندنی ئیرەییەکانی   ژیانی تایبەتی خۆی ، دایکم لەوەڵامی پیاوە پیرەکەدا گووتی :
بەڵێ.. ئەم کوڕەم دەیەوێت ببێت بەنوسەر!!
پیاوەکە گووتی : شتێکی چاکە ، نوسەری باش پارەی چاکی دەستدەکەوێت ،بێگومان گەر بۆحکومەت بنووسێ  وکاربکات  ...

ل 21 هەمان سەرچاوەی پێشوو


Als Journalist bei «El Espectador», 1954

ماركيز وەک  ڕۆژنامەنوس لەڕۆژنامەی ئێل ئیسپکتادۆر 1954

دیارە نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کەباوکی مارکێزیش کاتی خۆی وازی لەخوێندنی زانکۆیی هێنابوو بۆ ئەوەی ببێت بە کەمانچەژەن، باوکی مارکیز تاوەکو کۆتایی ژیانی کەمانچەکەی هاوەڵی بووە، بەڵام هەرگیز  نەیتوانیبوو ببێت بە کەمانچەژەنێکی سەرکەوتوو و خوێندنیشی وەک دەرمانسازێک لەکیس چووبوو، لە دواجاردا بوو بە فەرمانبەرێکی سادەی تەلگراف،  هەموو ژیانیشی لە نێوان هەژاری و خێزانێکی گەورە و منداڵێکی زۆردا بەسەر بردووە ، ئەم هەژاریە کە وەک تاعون بە پشتی ئەم خێزانەوە نووسابوو ، هۆکارەکەی بڕیاری باوک بووە بە ( بوون بەکەمانچەژەن)، دایکی مارکێز نایەوێت هەمان نوشستی دووبارە بێتەوە، بە هێزێکی سەیرەوە بەدرێژایی ئەو سەفەرە هەوڵی ئەوەدەدا مارکیز لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە .ئەمە دیوێکی دەروەی کێشەی مارکیزە لەو زەمەندا، دیوی دووهەمی

کێشەکە لەگەڵ خودی خۆیدایە وەک   کێشەی گەنجێک دەیەوێت ببێت بەڕۆماننوس و لەهەمانکاتیشدا نازانێت چۆن و تاچ ڕادەیەک سەرکەوتوو دەبێت، لەکوێوە دەبێت دەست پێبکات و چۆنیش بتوانێت بنوسێت، ئەمە جگەلەوەی ژیانی وەک ڕۆژنامەنوسێک ژیانێکە وەکو دایکی پێیگووتووە ، ژیانێکی سواڵکەرانە، ئەم کێشەیە جەوهەری بیرکردنەوەی مارکێزە لەگێڕانەوەی شێوەی بوون بەنوسەری و زۆرانبازی سەختی ئەو لەگەڵ واقعێکی ئێجگار تاڵدا کەهیچ کەوانەیەک بۆ نوسەرێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت خەون ببینێت و بژی، بەتایبەت ئەو نوسەرە جیدیانەی کەنوسین وەک کێشەیەک دەبینین ، ڕۆماننوسین، قەسیدە، شیعر، فیکر، جیهانبینی بەگشتی وەک کێشەبەندیەکی سەختە پابەندە بە چەندەها کلێشەی ئاڵۆزی بیرکردنەوە و تێڕامان و دۆزینەوەی ئیستاتیکاو مۆڕاڵ و دووری هەمەڕەنگ ، نوسین وەک وەدەرخستنی پەیوەندی نادیاری مرۆڤ بەدەوروبەریەوە چارەسەر بکات، لەهەمانکاتیشدا جۆرێک بێت لە هێشتنەوەی پەراوێزێک بۆ خەونبینین بۆ پێکهانەوەی یۆتۆبیایەک، جیهانێکی دیکە لە نێو جیهانی ڕیالستیدا .نوسەرێک نەیەوێت لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕێک و تەبا بێت، ڕۆژنامەنوسێک نەیەوێت دنیایاکان ئاوەها بخاتە ڕوو کە دەسەلات دەیەوێت ڕەنگاڵەی بکات بە ڕەنگەکانی خۆی ، بەڵکو ئەو ڕیاڵست و بابەتیە تاڵە بێت دیووی ناشرینی دەسەلات نیشانبدات، ژیانی ئەو جۆرە نوسەرانە و بڕیاردان بۆ بوون بۆئەو جۆرە نوسەرە بەر دنیایەکی سەخت و بێبەزەیی دەکەوێت، دنیای دەسەلات کەژیانی کۆمەڵگەو دەزگاکانی کۆمەڵگەی بەڕەنگەکانی خۆی ڕەنگاڵە کردووە، شێوەیەک ژیانی بۆ تاک و کۆیەکانی کۆمەڵگە پێکهێناوە . دەرچوون لەو فۆرمە، مانای مردنێکی حەتمیە لەبرسا ، ڕیسوابونە، ژیانە لەپەراوێزدا، هەژاریەکی کرۆنیکیە بەردەوام هەڕەشەت لێدەکات، جێهێشتنی نیشتمانە بەرو تاراوگە جۆراوجۆرەکان .دایکێک هۆشمەندە بەو بڕیارە و دەشزانێت کەکوڕەکەی لەو جۆرە نوسەرانە دەبێت کەناتوانێت لە گەڵ دەسەڵاتدا پێکبێت، لەهەمانکاتیشدا ناتوانێت بێ تەقەش لە دەست شەڕانیەتی دەسەلات تێپەڕبێت، هەوڵدەدات بەدرێژایی ئەو سەفەرە کورتە جارێکی دیکە بهێنێتەوەو سەر ڕێگای ژیانی ئاسایی، ژیانێک بتوانێت بە ئاسودەگی بوونەوەرێکەوە بەنێو ڕۆژەکاندا تێپەڕ بێت ، نەک وەکو خەوبینەرێک ژیانی پڕی بێت لە سەرکێشی چاوەڕوان نەکراو.


## ماركیز و مێینەكانی خەیاڵ

خەون و مێینە ، ترس و مێینە ، دڵە ڕاوكێ و مێینە، وەحشیەتی مێینە، هەناسەی مێینە، بۆنی مێینە، پێچەكانی جەستەی مێینە، خوارفەی مێینە لە سەر مەملەكەتی جێگا، دڵڕەقی مێینە و پارادۆكسەكانی مێینە و سیحری مێینە و زۆر ووردەكاری دیكەی ئیستاتیكی، ئەو گەڕانە هیلاكەی شاعیرە بەنێو دارستانەكانی بارانی ئافرەتدا ، ئافرەتێك زیاتر مێینەكانی خۆی بۆ نوسەر دەكاتەوە ، لەوێشەوە ئەفسانەكانی خۆی درێژ دەكاتەوە، بەجۆرێك لەخەیاڵبەندی ماركێزدا ڕۆماننووسین و مێینە دووڕەگەزی مرۆیی هەرەهاروژاوون، لەمنداڵیەوە تاوەكو ساتی كۆتایی هێنان بەبیرەوەریەكانی مۆسیقای پشتەوێنەی هەموو ڕووداوەكانی ژیانی ئەون.نەنكی بەشێكە لە ترسێكی گەورەیە لەژیان، ژیانی زیندووەكان بەهەمان ئاستی ژیانی مردووەكان ڕیتمێكی ئامادەگیانەی هەیە، ئەم ڕیتمە لە بیرەوەریەكانی ماركیزدا بەشێكە لەیادەوەریەكی منداڵی ، گەڕانەوەی ڕۆحەكانی نەنەگەورەیە بۆ نێو ئەوخانوەی كەلەسەفەریدا بۆ (ئاراكاتاكا) ، دەیانەوێت بیفرۆشن.ئەو خانووە پابەندە ڕۆحی یەكەم مێینە كە ماركێز پێی سەرسام بووە، نەنكە گەورەی (دۆنا ترانكیڤیلینا) تاوەكو تەمەنی هەشتساڵی بەخێو كاری ماركێز بووە، ماركیز یاوەكو(گابیتۆی بچكۆلانە) لەماڵی باپیرەی تەمەنە ناسكەكانی منداڵی بردۆتەسەر ، ئەوان باپیرە ونەنكی نەك هەر بەخێو كاری بوون بەڵكو ڕۆڵێكی گرنگیان هەبووە لە پەروەردەكردنی كەسێتی (گابیتۆ) پەروەردەیەك دوولایەنی گرنگی ژیانی سایكۆلۆژی ماركێزی داڕێژاوە، لایەنی یەكەمیان مامەڵەی جیدی لەگەڵ دنیاداو و ڕیالیستی بوون لەبەرامبەر كێشەكانی ڕۆژانە، كەبێگومانئەمانە كاریگەری باپیرەیەتی لەسەری ، ئەوێك كەیەكێك بووە لە جەنگاوەرە دێرینەكانی شەڕی ناوخۆ بووە، دژ بە هێزە كۆنزەرڤاتیف و ئۆلیگاریشی و كڵێسا جەنگاوە، ژەنراڵی پارتیزان ( نیكۆلاس ڕیكاردۆ ماركێز مێگیا) لەزەمەنی شەڕی ناوخۆی كۆڵۆمبیادا هاوشان لەگەڵ سەركردەیەكی بەناوبانگی لیبرالی وەك (ڕافائێل ئوربی ئوربی) دا خەباتی كردووە، لەباپیریەوە ئەو هەستكردنە بە دیسپلینی تێدا نەشونمای كردووە، بەجۆرێك لە قوتابخانەدا بە( پیرەك) ناسراوە، ماركێز قوتابیەكی بێدەنگ و بەدیسپلین و خوێنەرێكی سەیری كتێب بووە، ئەمانە و زۆری دیكەش كاریگەریە سایكۆلۆژیەكانی باپیرەیەتی لەسەری، كەلە ڕۆمانەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لە ڕۆمانی ( كەس نامە بۆ كۆڵۆنێڵ نانێرێ) و ڕۆمانی پایزی( پاتریارك) و بەتەواوەتیش لەڕۆمانی یەكەمیدا وكو فیگورێكی (بێناو) تەنها بەنێوی فەرماندەوە لە (گێژڵوكەی گەڵازەردەكان) دا بەرجەستە بووە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ئەو ئینسكلۆپیدیای باپیرەی بە دیاری پێیدەبەخشێ تاوەكو ژیانی ڕۆژنامەنووسیشی هاوەڵی دەبێت .

بەڵام لایەنی دووەمی ڕەگەکانی پەروەردەبوونی ژیانی فانتازی گابیتۆی بچکۆلانەیە، ئەم لایەنە تەواو جوداوازە لەپەیوەندیداریەوە بە ڕەگەزی نێر کەلەباپیرەو باوکیدا خۆی کۆرپەیی کردبوو، ئەم فانتازیایە تەنها لە مێینەیەوە و جیهانی مێینەوە نەشونمادەکات .نەنە گەورەی مارکێز دنیایەکی دیکەیە، جیاوازە لە دیسپلین و واقعیەتی باپیرەی کۆنەجەنگاوەر، نەنەگەورەی مێینیەکە ژیانی مردووان و زیندووان بە یەک ژیان لەقەڵەم دەدا ، لای نەنکی هیچ جیاوازیەک نیە لەنێوان پیاوێکی زیندوو لەگەڵ یەکێکی دیکەی مردوودا ، چونکە لای ئەو هەردووکیان لە ژیاندان و هەناسە دەدەن و خەون دەبینین و دەژین و چارەنووسەکان دیاری دەکەن، زۆر جار هەبووە مارکیزی منداڵی لە سەر کورسیەک داناوە و پێیگووتووە:

گەر بەئاقڵی دانەنیشی ئەوا پورە پاترا یان لەوانەیە مامە لۆرێنـزۆ لەو ژوورە وە بۆ بێنە دەرەوە..

سەرچاوە :مینۆدۆزا . بۆنی گوافێ



Gabriel, 1942

گابیتۆ   یان مارکێزی بچکۆلانە 1942
ئەمانە لە چوارچێوەی ماڵدا هەڵدەسوڕێن و یاری خۆیان دەکەن، ماڵ وەک شوێنی مێینە، ماڵ وەک مێژووی مێینە و تاکە ئیلتیزامبوونی مێینە پێوەی ، ماڵ و جەستەی مێینە و خەیاڵ ، ڕەگەزێکی دیکەی پێکهێنانی هێزی فانتازیای مارکێزی بچکۆلانە بووە، هێزی نووسینی بەپێز و پڕ وێنەو زمانی چڕی وێنەیی ڕۆمانەکانێتی، هێزێکە کەتەنها دەتوانێ مێینیە بێت،    وەحشیەتی گێڕانەوەی ئاوەهای ڕووداوەکان تەنها بەهێزێکی پڕ فانتازی مێینەوە دەتوانێت درێژە بەگێڕانەوەکانی بدات، داهێنەربێت . ماڵ بەهێزی گێڕانەوەی فانتازی نەنە (ترانکیڤیلینا) پڕێتی لە بیرەوەریەکان،

مارکێزی منداڵ لەژێر کاریگەری ئەو گێڕانەوەیەدا لەنێو ژوورەکاندا خێوی بەجێماوی زەمەنی شەڕی ناوخۆ دەدۆزێتەوە، یاوەکو لە پشت پەردەکانەوە گوێی لەهەناسەی ئەو ئافرەتەیە نیوەشەوان لەگەڵ مانگی چواردەدا حەسرەتی ڕۆژەڕابوردووەکانی خۆی هەڵدەکێشێت، شتێکە لە ئەفسانە، لەسیحر بەلاّم لەهەمان کاتیشدا بە لۆجیکی مێینەیی پۆزشی بۆ هێنراوەتەوە، نەنکی هەموو ئەو ڕۆحانە دەناسێتەوە، هەموو ئەو قیژانەی بەنێو ژوورەبەتاڵەکاندادێن ودەنگدەنەوە،بۆمارکێزی منداڵ  بەسەرهاتەکانیان دەگێڕێتەوە، سەرچاوەکانی ، کێها ڕۆح بە تۆبزی و لەترسی تاوەبارانی کاریبی خۆی کردووە بەو ماڵەدا ، کامە ئافرەت بەجلی سپیەوە و لەسەر نوکی پێ نەرمەهەنگاو دەنێت و کامەش لەنێو موبەقدا بەهێمنی لەسووچێکدا دادەنیشێت، هەموو ئەم وێنانە بەردەوام تاوەکو ئەم پایزەی تەمەنەی مارکیزیش بەدوویەوەن ، چەندە خووی هاوارکردنی بێئەندازە ترسناکی لەنیوەشەواندا تێدا ڕەگاژۆکردووە، بەهەمان ئاستیش وێنەو فانتازی منداڵی و دڵەڕاوکێیی تێدا پاراستووە، مارکیز دەربارەی چیرۆکەکانی نەنکی دەڵێت:

بەڕۆژ جیهانی چیرۆکەکانی نەنکم سەرسامی دەکردم، ئەوە تاکە جیهانی پڕ بەختەوەری من بوو،بەلاّم لە شەودا دەبوونە جێگەی ترس ودڵداخورپانێکی ترسناک . تەنانەت ئێستاش ( لەپەنجاساڵیدا) ،کە زۆرجار بەتەنها خۆم لە ژووری ئوتێلێکدا دەخەوم، زۆرجاران لە خەو ڕادەچەنم ، لەترسی ئەوەی کەبەتەنها لەژوورێکی تاریکدام، بەلاّم دوای چەند دەقیقەیەک دێمەوە سەر خۆم ، ئەوسا دەتوانم بخەومەوە ..

بۆنی گوافێ لاپەڕە 18



12. Mit Pablo Neruda in der Normandie.

پاپلۆ نیرۆدا و مارکیز

نەنکی مارکیز (ترانکیڤیلینا) بەرۆژ مێژووی ژوورەکانی بۆ گابرێل یاوەکو (گابیتۆ)ی منداڵ دەگێڕایەوە، هێزی لەبن نەهاتووی پڕ فانتازی، پڕ لە چیرۆکی ڕیالستی، چیرۆکی ئەوانەی لەوێ ژیاون، لەنێو ژوورەکاندا لەزەمەنێکی دووردا هەناسەیان هەڵکێشاوەو خەونیان بینیووە، چیرۆکی دڵداری خۆیان، بەختەوەریە لەپڕ و شکستەکانیان گێڕاوەتەوە، ئەو فانتازیایەی چیرۆکەکانی نەنەگەورەن ، چەندە پڕن لەگێڕانەوە بەڵام بەموو لە ژیانی ڕیالستی لایان نەداوە، بەشێکن لە مێژوویەکی ماڵ و خێزانی مارکێز ، کەمارکێز هەمیشە پێی وابووە ،مێینە پارێزەری مێژووی هەبوون و پیاوەکانیش بەشێوەیەک لەشێوەکان سەرکێشەکانی ئەو مێژووەن، ئەم بەردەوامیەی مێژووی ماڵ و کەسەکان گێڕانەوەی مێینەدەیپارێزێت و بەردەوامی پێدەبەخشێت .لێرەوە دەتوانین ئەو دەر ئەنجامەمان بۆ دەرکەوێت کە نهێنی هێزی مێینە لە گێڕانەوەیەتی ، پێشم وایە هێزی مێینەشە لەپشت کردەی ڕۆمانووسینەوە وەستاوە، هێزێکی وەحشیە هەموو ڕووداوە مەزنەکان بچوک دەکاتەوە بۆ ڕوداووی (بچکۆلە و بێ مێژوو،) بەپێچەوانەی ڕای باوی هەبوو ،کە( *شاعیران مێینەترن لە ڕۆماننوسەکان یاخود ناسکترن لەوان*) .

من پێموایە هێزی فانتازیا،هێزی مێینەکی بریندارە کەپابەندە بەچیرۆکی خێزانەوەو هەڵگری یادەوەریە بچوک و ووردەکاریە فەرامۆشکراوەکانی ئێمەیە، هەلچگری یادەوەری ئەو مێژووی موور و گوراە و بوکە شوشەو وجۆری قژی مندالچەکەی و شێوەی جل ل***رکردنی

خۆشەویستەکەی و زۆر ووردەکاری دیکە کەمێینە وەک مێژوویەک لەگەڵچ خۆیدا هەڵیدەگرێت و بەردەوامیش لە شێوەی گێڕانەوەیدا لەلای کەڵەکەدەبن ، ئاخر هەر دەبێت مێینەکان قودرەتی گێڕانەوەبدەن بەجیهان بۆ ئەوەی بەگشتی هەموان ن کورو کچ و باوکەکان، وەک تەواوێک ، وەک بوونەوەرێکی تەواو لەنێو مێژووی خۆیدا بوونمان هەبێت ، ئەوان بە گێانەوەی ووردیان مێژوویەک بۆ بەئەوانی دیکە پێکدەهێنێن ، ئەمەش نهێنی هێزی فانتازیای گابرێل مارکێزی منداڵە، سەرەتای پابەند بوونێتی بەشوێنەوە لەڕێگەی (گێڕانەوە )ی بەسەر هاتەکان، سەرەتای پەیوەندی مارکێز بە جیهانەوە تەنها شتێکە کەلەڕێگەی مێینەوە پەروەردە بووە و نەشونمای کردووە ، پابەندیش بووە بە ترسێکی گەورە لە ناشرینی شتەکان لەنێو تاریکاییدا،

لە نادیار ، نادیار ئەو شتەیە کەمێینە لێی دەترسێت و بە گێانەوە دەیکات بەدیار و هەبوویەکی بینراو، مارکیز لە جیهانی مێینە ئەو دیوو دیارەکان دەیبینێ، ئەمەانە ئەزمونە گرنگەکانی ئەوەن لە ائێگەی مێینەیەکی کەسێتی بەهێزی وەک نەنکە گەورەی.

نەنکی مارکێز جیهانی یەکەمی موستەحیلە کە پەلی گابیتۆ دەگرێت و لەنێو خەون و گێڕانەوەدا بەجێیدەهێڵێ. (داگمار پلۆتز)لە کتێبی ئاوتۆ بیۆگرافی مارکێزدا نووسیوویەتی:

نەنکی چیرۆکی زۆر سەرسوڕهێنەری بۆ دەگێڕایەوە، نەنکی لەو بڕوایەدابوو کەگێڕانەوەی ژیانی مردوو زیندووەکان بەهایەکی پەروەردەیی هەیە، بۆ نمونە نەیدەهێشت گابیتۆ هەنگاو بنێتە ئەودیوو ئەو ژوورە یاوەکو ئەوی دیکە لەبەر ئەوەی ئەویَ ژووری مامێکی مردوویەتی هێشتا بەمردوویی لەوێدا پشوودەدا، یاوەکو ئەو ژوورەی دیکەیان هی پورێکی مردوویەتی کەهێشتا لەو ژوورەدا هەناسە هەڵدەکێشێت و دەژی، ..سەیر نەبوو لەو ماڵەدا هەمیشە دەرگا لەسەر پشت بێت، مەنجەڵ لەسەر ئاگر بێت بۆ چێشتی ئەو ڕۆحانەی بەمیوانی خۆیانی پێدا دەکەن..

Dagmar Ploetz.: Gabriel Garcia Marquez. Rowohlt Verlag 1980. seite 12

## مێینە و هێزی ڕۆماننووسین

من پێم وایە سیحری مێینە بەگشتی لەهێزی گێڕانەوەیەتی، هێزی گێڕانەوەی ووردەکارییەکانی ژیان و جلو بەرگ و ڕەنگ و جۆری پەیوەندییەکان .سەرنجی مێینەیەک بدەن چۆن باس لە شێوەی داهێنانی قژێک دەکات ، سەرنجی بدەن چۆن دێتە نێو ووردەکاریەکانی بەکارهێنانی دەرزی و دەزووی ڕەنگین کاتێک چەرچەفێکی سەرجێگای بوکێنی وەسف دەکات، وەسف و دیسانەوە وەسف و لەدواجاردا وەسف ، ئەو ووردکاریە، ئەو پێکهاتە سەرەکیانەی هونەری گێڕانەوەن ، مارکێز هەر لەمندالّیەوە لەنێو تەونی جالّجالّۆکەی نەنەگەورە و دایکی و بەخێوکارە چەنەبازەکاندا گەورە بووە، لەنێو هێزێکی گەورەی چەنەبازدا لەهونەری گێڕانەوە وە نێزیک بووە، لە ڕێکخستنەوەی دنیای ژوور و کورسی و پەردەکان، نێزیک بووە لە ژیانی ئەوانەی لە سەر ئەو کورسیانە دانیشتوون و لەتەنیشت ئەو پەردانەوە پایپیان کێشاوە و دوای چەند کاژێرێکیش لە پایپ کێشان لەسەر جادەکانی شارەسوتاوەکان بەشەڕی ناوخۆ، بەکێرد سەربڕاون ، یاخود بە زەحیریەکی لەپڕ گەدەیان ئیشکبۆتەوە و مردون..

جیهانی گێڕانەوە حەتمەن هێزێکی مێینەیە کەدەبێت هەموو چیرۆکنووسێک بە پشتبەستن بەلایەنە مێینەکەی نەستی سوودی لێوەربگرێت و پەرە بەو هێزە ووردە، تیژبڕە زمانەوانیە بدات کەمێینە پێشکەشمانی دەکات، مێینەیەک کەتەنها دەتوانێت هێزێک بێت لە نێو گێڕانەوەیەکی چڕ، بە یەکگرتنەوە لەگەلّ هێزی ڕیالیستیدا دەتوانێ بەرهەمهێنی هەموو چیرۆکە سەیرەکانی ژیان بێت. سەیریش نیە کە کۆتایی بیرەوەریە کانی بە وەسفی (مێرسیدیس) ی هاوسەری کۆتایی پێبهێنێت کە لەسەر کورسیەکی حەلاجوقەیی دانیشتووەو سەیری ئاسمان دەکات،ئەمە کاتێکە ئەو لە تاو ڕژێمی دیکتاتۆری سەربازی کۆنزەرڤاتیف بەرەو تاراواگە لەفرۆکەدایەو تاکە وێنە بیری لێدەکاتەوە کەلەسەر زەوی نیشتمان وێنەی مێرسیدیسی خۆشەویستێتی.

دۆزینەوەی خودی ڕۆماننوسی دۆزینەوەی ڕۆمانە لەڕێگەی سەفەری مارکێزوە لەگەلّ دایکی ، کەئەمەش بەرهەمێهنی یەکەم ڕۆمانێتی، لەو ڕۆمانەوە ڕێچکەی گێڕانەوەی مارکێز بۆ ژیان دەستپێدەکات، گێڕانەوەیەک کەتەنها دەتوانێ هێزێکی مێینە بێت، بەمەش دەتوانین بلّێین کەکردەی ڕۆماننوسین هێزێکی گەورەتری لە ووزەی مێینەیی پێویستە وەک لە شاعیرێتی ، ئەو وەهمەی کەتاوەکو ئێستا لەنێو هەمووواندا بلاّوە کە شیعر نێزیکترە لە ڕۆحی مێینەوە ، شیعر زیاتر پێوویستی بە ڕۆحی مێینە هەیە و شاعیریش دەبێت لە هەموو پیاوەکانی دنیا و لە هەموو نوسەرانی جۆرە ئەدەبیەکانی دیکە مێینەتر بێت ، ئەمەوەهمێکی گەورەیە، هەلّخەلّەتاندنێکی سەرابیە . هێزی شیعر ، هێزی ڕستە چڕو پڕە، ڕستەی شیعری دەبێت لە گەلّ چاوەڕوانی ئێمەی خوێنەرتێربکات، بەوەی لەڕستەی شیعریدا وەسفی چڕی شتەکان، ژیان،

کورتکردنەوەیەکی پێناسەیی لەخۆدەگرن، شیعر کاتێک لە زهینی خوێنەردا دەمێنێتەوە،کاتێک دەتوانێ پێناسەیەکی کورتمان بۆ دنیایەکی گەورە لەلا بەجێبهێڵێ، ئەمە ئەو هێزە مێینەیە کەبریتیە لە گێڕانەوەی ووردودرشت تادەگاتە ڕادەی چەنەبازیەکی جوان!!، ئەم هێزی مێنیە لەهەموو شاعیرێکدا هەیە (نێربێت یان مێینە)، بەڵام ئەوەی گرنگە بەڵکو بڕی ئەو بڕەودانەیە بەو هێزە و پەروەردەکردنێتی، چاکتر وایە بڵێم دۆزینەوەی ئەو مێیایەتیە لەخودی بەریەکەوتووی لەگەڵ دنیادا، دۆزینەوەی ئەو هێزەیە لە نێو تێکستی نوێوا و ایتمی ژیاندا. سەرنجی خوێنەری ئازیزم بۆ خاڵێک ڕادەکێشم کەلە وولاتانی پیاوسالار سوستێمدا شاعیرەکان زۆرترن، شیعر باڵادەستەی گوتاری ئەدەبی و ترادیتسیۆنی کلتووری نوسینە، بەمەرجێک لەو ولاتانەی زیاتر لە گەڵ مێینەدا کراوەترن و جەستەی مێینە لەژیانی کلتووریاندا بەجۆرێک لەجۆرەکان مامەڵەیەکی کراوەی لەگەڵدا کراوە، سەرنج دەدەین ڕۆمان و چیرۆک و گێڕانەوە بەگشتی وهونەری باڵادەستی کلتووری نووسینی ئەو کۆمەڵگایانەبووە. بۆ نمونە لە سەردەمی کلێسادا ترادیسیۆنی کۆشکەکان و مێینەی خانەدانان و سالۆنەکانیان پابەند بووە بە ڕیتواڵی ئەسپ سواریەوە، پیاوە بەزەبرەکانی جەنگ ئەو پیاوە ناسکانەی کۆشک بوون کە جلی ڕەنگ وڕەنگیان دەپۆشی، گۆرەویی درێژی پەمەیی و شەفافیان هەڵکێشا وە، بەهێمنی و مێینەخوازی ئۆرستوکراتیەوە پێشوازیان لە ئافرەتەکان کردووە،دەکرێت لەو لایەنەوە بڵێین لەو ترادیسۆنەدا گێڕانەوەسەریهەڵداوە، سەرنجی خوێنەر بۆ سالچۆنە ئەدەبی و هونەریەکانی سەردەمی ڕۆ مانسیەت ڕادەکێشم، هەر بۆ یە سەیر نیە کە ئەورووپاییەکان خۆیان بە کوڕانی ڕۆمان بچوێنن و زیاتر بەرهەمهێن و گرنگخوازی ڕۆمان بن وەک جۆری ئەدەبی، بەپێچەوانەشەوە لە وولاتانی بەترادیسیۆن ئیسلامی و پیاوخوازیەوە شیعر بەشێکە لەدەسەڵات و شاعیرەکانیش ئەوەندە گرنگن کە بەرهەمی گێڕانەوە لەچاویدا کارێکی گومانلێکراوە . .دیارە ئەمە تیشک خستنە سەر بەشێکی تایبەتە بە هێزی مێینەوە لەڕۆمان و چیرۆک وەک جۆرەکانی گێڕانەوە، دەنا هەمووان ڕۆحیەتی ڕۆژهەڵات و وەتەرەکانی ڕۆژهەلات و موزیکی شیعری سۆزداری ڕۆژهەڵاتیش بەشێکی دیکەی ئەو جۆرە بەراوردکاریانە تێدەگەین، ئەوەی دەمەوێت بیڵێم کەوەهمی مێینەیی شیعر، وەهمێکی ڕووکەشین دەنا ئەو هێزی گێڕانەوەیە و ووردکاریە ناتوانرێت مێینەیی نەبێت .چەندە شاعیر لەنێوەندی کوردیدا بەهاوارەوە ڕۆڵی پیاوانە وئەسپسواری دەبینێت و بینوویەتی، ئەوا چیرۆکنووسی ئەوەندە هێمنی ژنێکی پێوویستە لەسەرەخۆ گۆرەوویەکی ڕەنگاوڕەنگی خوری بۆ کۆرپەکەی دەچنێت!! چەندە شاعیران وەک هەموو پیاوەکان ژیان پێناسە دەکەن بۆ چەمک و ڕستەی کورت و چڕ وپڕ، دەئەوەندە مێینەکان دنیا بەسەر تەنافەکانی گێڕانەوە وورد دەکەنەوە .
بۆ نمونە لە ژیانی مارکێزدا، باپیرەی کەژەنراڵێکی بێدەنگ بووە، ڕۆڵی ئەو نێرینەی بینیوە، کەدنیای بۆ ڕستە چڕ و کورتەکان پێناسەکردووە و جیهانەکانی بەپێی

ئینسکلیۆپیدیاکەی بەردەستی    کورتکردۆتەوە. بەپێچەوانەوە چیرۆکنووس و ڕۆماننوسەکان ئەو دنیا مێینەیەن لە ووردەکارییەکانی گێڕانەوەدا ژیان وەک لۆکە شیتەڵدەکەنەوە بۆ ئەوەی لەبەرگێکی دیکەدا لەسەرماکانی پێناسە بمانپارێزێت، ڕۆمان بەتایبەت هەردەتوانێ مێینە بێت و هیچی تر..

گەر سەرنجێکی تیژبڕ بدەینە پەخشانە شیعری تازە ، ئەو مێینەیە دەبینین کە ڕۆژ بەڕۆژ لە نێو قەسیدەدا جەستەی خۆی لەشێوەی گێڕانەوەی وردو و درشتی شتەکاندا بەرجەستە دەکات .لە ڕێگەی  لە هێزی گێڕانەوەی دنیای شتەکان، چیدی  دنیای ئێمە دنیای  ئەو ڕستە چڕ و کلاسیانە نەماوە کەتەنها موچڕکەی نیشتمانپەروەری یاخود خورپەی لەپڕی دڵداریمان تێدا بهاروژێنێ، بەڵکو تەوزیفکردنی دنیای ئێمەیە لە سەر ڕووبەری قەسیدە.

قەسیدەیەکی نوێ ، پەخشانە شیعری نوێ  لەڕێگەیەوە نەوەی دوای ڕاپەڕین خۆی  دەناسێنێ بەخوێنەرێک ڕاهاتوە لەسەر خوێندنەوەی ئەدەبێک پڕێتی لەمەجازی شیعری کورت و چڕی زاخاودراو بەنەرەنەرەکانی پاتریۆتیست و ناسیونالیستەکان، یاخود ئەوانەی لەکەنار ئایدۆلۆژیادا شیعریان دەنوسی و جیهانیان لەبیرکردبوو.نەوەی جەنگ هەوڵدەدات و هەوڵیشیداوە جارێکی دیکە هێزی گێڕانەوەی مێیاتی بداتەوە بەتێکستی ئەدەبی ، تێکستی کوردی بەشیعر و چیرۆکیەوە لە تەمەڵی نێرینە قوتار کات.

پەخشانە شیعری تازە خۆی لەو نێرینەیی شاعیران قوتار دەکات و پەنا دەباتە بەر ڕستەی درێژ و گێڕانەوە، لەوانەیە باشترین نمونەش لە ئەدەبی کوردیدا کەهەستکردنبێت بە دۆزینەوەی ئەو مێیاتیە و گۆڕینی ڕیتمی شیعری خۆی بێت لە سیمایەکی بەرگری و تارادەیەک ئیدۆلۆژیەوە بۆ پرکردن بەدنیای گێڕانەوەدا، کەئەمەش سەرەتا لەهەستکردنێک بە مێژوو ووردەکاریکانیەوە سەریهەڵدا ، بەڵام لە دوایدا بووە هۆی ئەوەی هێزی گێڕانەوە بدۆزیتەوە و تەوزیفیبکات لەشیعردا. کارکردنی شێرکۆ بێکەس لەسەر دەقی لەو شێوەیە، خۆکردنی شێرکۆیە بۆ نێو دنیای گێڕانەوە، خۆقوتار کردنێتی لە دەنگەنێرینەکانی شیعریەکانی لەوەو بەری و هاتنە نێو دنیای گێڕانەوەیە، لە[دەربەندی پەپولە] وە (خودی شیعری) مێینەیی خۆی دەدۆزێتەوە و دەکەوێتە نێو گێڕانەوە، بەمانای لە دەبەرندی پەپولەوە شێرکۆ دەیەوێت بێتە نێو گێڕانەوەکان، چەندە لە هۆشمەندی شاعیردا گێڕانەوەکانی شتروکتووری شیعری و پابەستکردنی شیعرە بەمێژووەوە، دەئەوەندەش لەسەر ئاستی نەستی شاعیر و دەقی شیعریدا ئەو ووزە تێر نەبووەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی مێینەیی لە هەموو مەملەکەتەکانی ئەدەبدا، زیرەکیەک و ڕێگەی قوتار بوونە بۆ چوونە نێو دارستانەکانی بارانی گێڕانەوە . مێینەیی لە نێو تاریکایی دارستانەکاندا پاڵکەوتووە، باڵندە ڕەنگاڵەکان لە نێو شێی بەرەبەیاندا و لەنێو چرووپڕیدا دەدۆزرێنەوە، دەنا لەدەرەوەڕا هەر دارستانێکی دڵڕەق و نێرینە تەماشان، قەسیدەی تازە و پەخشانە شیعر خۆ قوتارکردنی شیعرە لە

نێرینەیی خۆی ، پەنابردنە بەر گێڕانەوە، دۆزینەوەی مێینییەکی لەبن نەهاتووی فانتازیایە، لەپڕ فڕێت دەداتە نێو باخچەکانی خەیال .

سەفەری ڕۆمانووسی مارکیز سەفەری دۆزینەوەی (مێینەیی گێڕانەوەیە) وەک ووزەیەکی لەبن نەهاتووی دۆزینەوەی جیاوازی شەفەقەپڕ ڕەنگەجیاجیاکانی ژیان و فانتازیایە..

## کریستاڵیەتی بیرەوەری

قسەکردن لەسەر یادەوەری نوسەرێکی وەک مارکێز ، چوونە ناو مامەخولەی ڕۆماننوسێکە لەو ساتەوەی هەست دەکەیت چیرۆکەکانی تەواو دەبێت ، هەمان چرکەساتە کەهەستدەکەیت چیرۆکێکی دیکە لەدایکدەبێتەوە، شتێک نیە لە ئەدەبی مارکێزدا بەگشتی پێی بگوترێت ( دیسپلینی نووسین)، مەبەستم لە دیسپلینی نووسین ئەو شێوە کلاسیکیە پڕ دیسپلینەی جۆرێکەلە گێڕانەوەی ئەدەبی، بۆنمونە لە ڕۆمانەکانی ( ستندال) دا هەست بەو دیسپلینەی نووسین دەکەیت بەداڕێژکردنی پاڵەوان یاوەکو فیگوری ڕۆمان بە زەمەن وشوێن و ڕووداوەوە، بەئەخلاق و نۆرمەکانی چوار دەوربەری ژینەگەی ڕۆمانەکە .لەڕۆمانی (تۆلستۆی)یدا ڕووداوەکان یەک لەدوای یەک و بەشەکانی ڕۆمان پابەستن بە ڕووداوێکی سێنتراڵیەوە کە لەچوارچێوەی ئەودا کەسەکان هەڵدەسوڕێن و چارەنوسەکان ڕێچکەی خۆیان ڕەنگڕێژ دەکەن، بەگشتی دیسپلینێکی سەخت هەیە لە کلاسیکیەتدا زۆر یاری زمان و زۆر مۆڕاڵی هەبوو دەخاتە چوارچێوەی هەڵسوارنی گێڕانەوەی خۆی ، کەسەکان قسان دەکەن، حیکمەتەکان و ڕووداوەکان پابەندن بەیەکەوە، ئیلتزامێکی سەخت هەیە بەگێڕانەوەی ڕووداوەکان بۆ گەیشتن بەچەند گۆشەنیگایەک دەربارەی ژیان، لەڕۆمانی کلاسیکدا ئەوە فێر دەبین کە جیهان لە ڕێگەی توندوتۆڵی و ئیلتزامەوە خۆی بینادەکاتەوە ، چیرۆکەکان وێنەین و پابەندن بە هەڵسوڕانی فیگورەکان، لە ڕۆمانی ( دەستەیۆفسکیدا) بەرامبەر ڕوونکردنەوەی دوورودرێژ دەبینەوە، زۆر جاران دەگاتە ڕادەی بێزاربوون .کەسەکان لە ڕۆمانی کلاسیکدا ئەوەندە بەرجەستەن کە دەتوانین دەستیان لێبدەین و تەنانەت حوکمی ئەخلاقیشیان بەسەردا بدەین، شتێکە لە توندو تۆڵی ژیان بە هێزێکی پڕ ئیلتزام و دیسپلینی ئەخلاقیەوە خۆی دەکات بە نووسیندا ، هونەری گێڕانەوە دەکاتە جۆرێک لە دادگایکردنی بیروڕاو ڕووداوەکان، کلاسیک چەندە پێویستە لە ئیلتیزامیدا دەئەوەندەش لە فۆرمی ڕوانینیدا بۆ جیهان توندوتۆڵی گێڕانەوە و پێویستیبوونی ژیان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان ئاشکرا دەکات.

لەبیرەوەریەکانی مارکێزدا ئەو حەزە بۆ گێڕانەوەی کلاسیک جارێکی دیکە دێتە زمان و مارکێز زۆر ڕووداوی ژیانی خۆی بەشێوەیەکی کلاسیک دەگێڕێتەوە،

بەجۆرێک گەر ناوی مارکێز لەسەر کتێبەکەی لاببەیت، دەکەوینە ئەو بڕوایەی کەیەکێکی دیکە ئەو کتێبەی نووسیبێت، یەکێک کەنوسەری ڕۆمانی ( پایزی پاترياک) و (سەدسالْ گۆشەگیری)نیە. لەم کێتبەیدا مارکیز هەوڵدەدات جۆرێک لە ڕیکخستنەوەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی زەمەنیدابخاتەڕوو ، جۆرێک لە ئیلتزام بە شێوەیەکی گێڕانەوەی ڕاپۆرتیانە،پابەندەبەئەزمونی کۆنینەی لەبواری ڕۆژنامەنووسیدا، ئەوەی لەپشت ئەو ئەزمونانەی مارکیز دەخوێنرێتەوە، ئەو زمانی ڕاپۆرتە و تێگەیشتنە قوڵەیە لە ئەدەبی کلاسیکی بە شیعر و چیرۆک و جۆرەکانی دیکەیەوە،کەهەر لەسەرتای ژیانی خوێندنی سەرتاییەوە زۆربەیانی بەلەبەری لەبەر بووە، ئەو ڕێکخستنەوەی ڕووداوەکانە بە پێی زەمەنی ڕووداو و شوێن، ئەو ئیلتیزامەشاراوەیە بە ڕیالستیەوە، ڕیالستیەکی تیژ بڕ چەمکی ( ڕیالستی جادوگەرایی -الواقعیە السحریە)ڕەتدەکاتەوە، ئەو چەمکەی لەلایەن ڕەخنەگرەکانەوە ڕۆمانەکانی مارکێزی پێدەخوێنرێتەوە، هەر وەک ئەوەی ڕۆماننوس بە دەستی ئەنقەست ئەو ڕەگەزە بەنێو سیحریانە لەچیرۆکەکانیدا بخاتەگەڕ. ! !

کێشەیەکەی ئەبەدی گەورە هەیە لەنێوان خوێندنەوەی ڕەخنەگر وبیریاران بۆ ڕۆمان و خوێندنەوەی ڕۆماننووس و خوێنەرانی ئەدەب بۆ تێکستە ئەدەبیەکان، ڕەخنەگرەکان بەدووی ئەو کۆدانەدا دەگەڕێن کە ڕووداوی ڕۆمان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەڕۆژانە ژیان نێزیکبخاتەوە، ڕۆمان بکاتەوە بە ئاساییبونەوەیەک لەنێو گفتوگۆیەکی گشتیدا، زۆرجارفیگوری ڕۆمانێک بۆتەمایەی مووبەرزبوونەوەی ڕەخنەگران و بیریاران، ئیدی هەرچی زۆرانبازی هەنووکەییەکانی خۆیان هەیە بەسەر جەستەی ڕۆمان وچارەنوس وموزیکالیەتی ڕۆماندا پراکتیزە کراوە، بۆ نمونەئیدوارد سەعیدی بیریار لە کتێبی ( ڕۆشنبیری و ئیمپریالیەت )دا ئەو پراکتیزە ئایدۆلۆژیە سیاسیانەیە دەکات بەسەر ڕۆماندا، بەشێوەیەک کەزۆرجار دوای خوێندنەوەی هەندێ پەرەگراف ڕقێکی سەیرت لە( کامو )یان (لۆرانس) دەبێتەوە، ئەو درێژە دەدات بە پرۆژەی ( ڕۆژهەڵاتناسی ) بەڵام ئەوەی کەدەبێت فاتورەی حسابی ئەو لێکۆڵینەوانە بدات ڕۆمان وبەها ئەدەبیەکەیەتی..


تێکستێکی ئەدەبی بە هەمە چەشنی وهەمەلایەنی خۆی زەمانەتی ئەوە بۆدەکات دوور بێت لەهەموو تاک ڕەهەندیانەی کەڕەخنەگران و زۆر لەبیریاران هەوڵی دۆزینەوە و چەمکسازی دەدەن .ئەدەبی جوان هەڵگری هەموو نۆرمە ئیستاتیکیەکانی گێڕانەوەو شیعریەتە،وەکو ژیان خۆی وایە کەتاڵ و شیرینی وساتی بەختەوەری و ساتی نائومێدی لەخۆیدا هەڵگرتووە، زۆرجار ڕەخنە دەیەوێت لایەنێک لەو لایەنەی ئەدەب وەدەربخات و ئەوانی دیکە بکاتە قوربانی ئەو لایەنەی ڕەخنەگر یان بیریار دەیخەنەبەر تاوتوێ و لێکۆڵینەوە، من زۆر جار قێزم لەو جۆرە ڕەخنانەدێتەوە کەڕۆمان وەک خانویەک دەبینێت تەنها یەک پەنجەرەی هەیەو ڕەخنەگریش بەوە

بەختەوەرە کەئەو پەنجەرەیەی دۆزیوەتەوە و دەیەوێت بەخوێنەر بڵێت ئەمە تاکە پەنجەرەیە کە دەتوانێ نێوەوەی ئەم ماڵەی لێوە ببینێت!!، بەپاڵەوانکردنی نوسەر یاوەکو بەنزمکردنی بەهائەدەبیەکانی لەبەر چەندەها هۆی ڕەخنەیی /سیاسی یاوەکو چەمکسازی ئەو قێزبوونەوەیە لە ژیان ئاشکرا دەکات کەهەندێک لەڕەخنەگران پەیڕەوی دەکەن، ئەوانەی ئەدەب وەک ئەدەب ناخوێننەوە وەک ئەوانە وان کەژیان وەکو ژیان خۆی ناژین، ئەدەبێک نیە ڕیالستی ویەکێکی دیکە نیە ناڕیالست، ئەدەبێک نیە جەماوەری و ئەوی دیکە ناجەماوەری ، ئەدەبی پرۆلیتاریا تەنها درۆیەکی پروپاگەندەیی کۆمەڵێکی ناتێگەیشتوون لە ئەدەب، کەئەدەبیان وەک ژیان لاگرنگ نیە و ئەدەبیش وەک بەشێک لە ژیانی ڕۆحی مرۆڤ تێناگەن ،ئەمانە ئەوەندەی هەوڵدەدەن ئەو دەقە شیعریە یان چیرۆکە ببێت بە ڕوونمای شەڕەکانیان کەلەبوارەکانیی دیکەدا دۆڕانوویانە، هەوڵنادەن لەئەدەب وەک خۆی ، وەک ژیانێکی زیندوو تێبگەن، من نمونەیەکی سەیرم لەبیرەکەلەناوەڕاستی هەشتاکاندا لەنێوەندی ئەدەبی کوردیدا باوی بوو، چەند بیروڕایەک هەبوو بەنێو ڕەخنەی ئەدەبی باسی لێوەدەکرا، لە کۆڕەکاندا باسیان لە فیگوری چیرۆکەکان دەکرد ، کەبەتۆبزی لە نێوەندی ئەدەبی ئێمەدا نێوی (پاڵەوان)ی لێدەنێن!!، ئەوانە دەیانەوویست فیگوری چیرۆکەکان (پاڵەوان باز) بن، گەر لەچیرۆکێکدا پیاوێکی (حیز) هەبووایە ئیدی دنیا ئاخرەت دەبوو!!، دەبوایە هەمووان خاوەنی بیروڕای پۆڵایی بن بەجۆرێک لامان سەیر بوو کەواقیعی ئێمە مرۆیی لەو جۆرەی تێدابێت!!، بەداخەوە ڕووداوەکان و جەنگی ئێران وئێراق و نووشستی میلیشیاکان ئەوەی بۆ ئێمەی نەوەی جەنگ سەلماند کەشتێک نیە پێی بڵێن پاڵەوان، وەک چۆن شتێک نیە لەئەدەبدا لەنێوان خێرو شەڕدا ئەدەب بۆ خۆی بکاتە چەکێک و بەکاربهێنێ ، ئەدەبێک نیە خێرخواز وئەوی دیکە شەڕخواز، ئەدەبێک پێی بڵێن سەلبی وئیجابی مادمەکی ئەو بەرهەمە بەهەقەت دەچێتە خانەی ئەدەبەوە، ئەمەش زەمانەتی ئەوە دەکات کە لەچوارچێوەی ژیاندا پێناسەی بۆ بکرێت .ڕۆمان وەک مارکیز لە بیرەوەریەکانیدا باسی لێوە دەکات ، بەشێکە لەو چیرۆکانەی کەلەژیانەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بەلام کامە ژیان ، ئەوەی مارکیز دەڵێت:

ئەوە گرنگ نیە چیمان بەسەر هاتووە و چۆن ژیاوین ، بەڵکو گرنگ ئەوەیە چیمان لەو ژیانی ڕابوردووە لەبیرە و گرنگتریش لەوە ئەوەیە کەبتوانین ئەو بەسەرهاتانەمان بگێڕینەوە..

گاربریل گارسیا مارکێز : ژیان لەپێناوی گێڕانەوەیدا .ل1

Gabrel Garcia Marquez: Leben, um davon zu erzaehlen. KiWi S1Verlag 2002.



وێنەی بەرگی دواوەیی  کتێبی  ( ژیان لەپێناوی گێڕانەوەیدا)

ئەدەبێک نیە سیحری و ئەوی دیکە فەزائی ، وەکو چۆن ئەدەبێک نیە بۆ ژن وئەدەبێک نیە منداڵ بێت، ئەدەب بەگشتی ئەدەبەو هەر یەکەو بەشێوەیەک لە چوارچێوەی ئەدەبدا بیردەکاتەوە، وەک چۆن شتێک نیە پێی بڵێن منداڵ گەر هاتوو منداڵی تەنها بیرکردنەوەیەکی جیاواز بێت و هیچی دیکە ..بێگومان نابێت ئەوەمان لەیادچێت کەئەم قسانەی من گرنگی ڕەخنە ڕەتناکاتەوە ، وەک نێزیکخستنەوەی تێکستی ئەدەبی لەخوێنەر و ناساندنی تێکستە بە خوێنەر، ڕەخنە هەموو ئەو دەرگاو ڕێچکانەت بۆ ڕەنگاڕێژ دەکات کەپڕۆسەی خوێندنەوەی خوێنەرێکی بەسەلیقە )کەڕەخنەگر خۆیەتی ( بەرهەمی هێناوە، چەندە یارمەتیت دەدات بۆ تێگەیشتن لە ودەقە ، دەئەوەندەش دەسەلاتێکی دیکە لەپەنا دەسەلاتی ئۆرگینالیەتی دەقەکە دادەمەزرێنێ،دیارە ئەم کێشەبەندیە لەخوێندنەوەی بیرەوەریەکانی مارکیزدا چەندەها

جار ئاماژەمان دەدادەتێ کە وەک خۆی گووتەنی :کەڵەشێر لە ڕۆمانی کەس نیە نامە بۆ کۆلۆنێل بنووسێ ، تەنها کەڵەشێرە وهیچی دیکە ولای من هیچ ڕەهەندێکی سومبولیانەی نیە..

واقیعیەتی سیحری، ئەو چەمکەی کەڕەخنەگرەکان خۆیان پێوە خەریک کردبوو لە دوا کتێبی مارکێزدا کەبیرەوەرەیەکانێتی وەهمی خۆی ڕادەگەیەنێ ، مارکیز هەوڵدەدات ڕووداوەکان کریستاڵیزە بکات و ووردیان بکاتەوە بۆ توخمە سەرچاوەییەکانی ، ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ ، کەهەموو ڕوادووی ڕۆمانەکانی نەسیحرن ونەتەڕەماش، بەڵکو ئەو توخمامەنە لەسەفەری مێژوویەوە بۆ فرۆشتنی خانووی باپیرەی بیرۆکەکانی سەریهەڵداوەو چەندەها ساڵ ئەو چرکەساتی زیندووبوونەوەی وێنەو بیرەوەری و ڕووداوەکانی کۆمپانیای مۆز و شەڕی ناوخۆو نەهامەتی خەڵکەکان کەبەنێوی (گێژەڵوکەی گەڵا زەردەکان)* ناویان دەبردن، ئەوانەی بەو ناوە ناودەبران لەبەر ئەوەی هیچ ڕەسەنایەتیەکیان لە شارەکاندا نەبوو، ئەوانە لە هەموو شوێنێکی ئەمریکیای لاتینەوە هاتبوون بۆ ئەوەی لە زەمەنی مۆنۆپۆلی مۆز و کۆمپانیا ئەمریکایەکان لە دەریای کاریبی، بۆ کارو ژیان ڕوویان کردبووە شارەکان، نەهامەتی ئەوانە و پەیوەندیان بەقەدەری مۆنۆپۆڵ و دوای ئەوەی ئەمریکاییەکان خوێڕیانە دوا مۆزیان لەو ولاتەدا چنی و کردیان بە پارەو ئاڵتون و لە حسابەکانی بانقدا قایمیان کرد،ئەو ولاتەیان لە برسێتی و بەتاڵیدا، بەوێرانی بەجچهێشت .ئەو (گێژەڵوکەی گەڵا زەردانە) ش لەبرسێتی ونەخۆشیەکۆمەڵایەتیەکاندا ئیشکبوونەوە، گەڕانەوەی مارکێز لەگەڵ دایکی بۆ فرۆشتنی خانوی باپیرە، ئەو ئازارە بەدووی خۆیدا ڕادەکێشێت ، لەهەمان کاتیشیدا ئەو واقیعیەتە تیژ برە لە مارکێزدا زیندوو دەکاتەوە کەدەبێت چیرۆکی هەموو ئەو فەرامۆشکراوانە بگێڕێتەوە، کەلە پەراوێزێکی بچوکی ئەم دنیایەدا بەم شارانەدا تێپەڕیوون و خەونیان بینیوە . ئەمانە هیچی سیحر نین بەقەد ئەوەندەی واقیعین ،ئەمانە هەمووی ڕووداون و گەر کۆنیش ڕوویان دابێت ئەوە لە گێڕانەوەی نەنەگەورە و پورەکان وخزمەتچی و خەڵکی ناوچەکەدا جارێکی دیکە زیندوو دەبنەوەو ئەوەی توانراوە بگێڕدرێنەوە لەیادەورەیدا زینددووە ، ئەوانە سەرچاوەی ڕۆمانەکانی مارکێزن. ئەوەی زیاتر ئەو چەمکی ڕیالیستیە سیحریە دەکوژێ ، ئەو مەبەستگەراییەی مارکێزە بۆ پابەندکردنی هەموو ڕووداوە واقعیەکان وەک ئیلهامبەخش و سروش بەخشی ڕۆمانەکانی : چیرۆکی دڵداری باوکی وەک تەلەگرافیستێک کەکاتی خۆی قوتابی کۆلێژی دەرمانسازی بووە لەگەڵ دایکی وەک کچی تاقانەی ژەنەراڵی لوتبەرزی شەڕی سەدرۆژەی ئەمریکای لاتین، هەموو ئەو ڕووداوانە بە دوورودرێژیەکی بێزارکار دەگێڕێتەوە، یاوەکو باس لەباپیرەی دەکات وەک فیگورێکی بێناوی ڕۆمانی یەکەمی (گێژەڵوکەی گەلازەردەکان) یاوەکو لە ڕۆمانی ( چیرۆکی مەرگێکی ئاشکراکراو) باسی

ڕووداوە ڕاستەقینەییەکەکانی پشت ڕووداوی ڕۆمانەکە دەکات، ئەو نایەوێت بڵێت کەئەدەب کۆپی واقیعە، گەر وابێت ئەوە هەموو شتێکە بەلام ئەدەب نیە، بەڵکو دەیەوێت بڵێت کەهیچ سیحرێکیش ناتوانێ سیحر بێت گەر لە ئەدەبدا واقعی نەبێت. ئەوە سیحری ڕیالستیە،نەک ڕیالستی سیحری، ئەو جادووەی کەژیانی ڕاستەقینەیی و بەسەرهاتەکانی هەیەتی،نوسەرێک بەرهەمدێنێ کە ئەو جادووە بدۆزێتەوە، ئەو شەبەنگەنهێنیانە بدۆزێتەوە لە هەموو ڕووداوێکدا خۆی حەشارداوە، ئەو ڕۆحە دەبێت تەنها بەیەک بڕیار دەست پێبکات ئەویش کەببێت بەڕۆماننوس....

تەواو

ئیسماعیل حەمەئەمین
29-Jul-03

پەراوێزەکان

*گوافێ :میوەیەکی سوورە وەک قۆخ وایە بەلام گەورەترە لەقۆخ، دەخورێت ولەزۆربەی باڕو
گازینۆکاندا وەشەربەشیش پێشکەش دەکرێ.

* گەلابابردووەکان یاوەکو هۆجاراسکا hojarasca یان گێژەڵوکەی گەلا بابردووەکان ناوە بەقەد هێندەی ڕستە بێت، ئاماژە نیە بە گێژەڵوکەیەکی گەلای زەرد، بەڵکو میتافۆر و مەجازێکە بۆ ئەو کرێکارانە لەزەمەنی کۆمپانیای مۆزی ئەمریکی لە هەموو شوێنێکی کاریبیەوە هاتن بۆ کار کردن، ئەمانە خەڵکی ئەو شارانە نەبوون، هۆجاراسکا لە گوند و بەندەرە دوورەکان و دوورگەدوورەکانەوە هاتبوون .تێکەڵەیەکی سەیر بوون لە مەکسیکی و دیالێکتێکی جۆراوجۆری ئەمریکای لاتین، باوکی مارکێز بەڕەچەڵەک هۆجاراسکایا، ئەمەش هۆیەک بوو کەبۆ ماوەیەکی دوور ودرێژ مارکێزی باپیرە دژی بەشوودانی کچەکەی بێت . ئەمانە لەو بەندرو شارانە گیرسابوونەوە کە کۆمپانیەکانی مۆزچنینەوەی تێدا دامەزرابوو، تێکەڵەیەکی سەیری کولتوور و زمان بوون، بۆ جیاکردنەوەیان لە خەڵکی ڕەسەنی شارەکان ، ناویان لێنابوون ( گەلابابردووەکان) ڕۆمانی یەکەمی مارکێزیش باس لەو پێکدادنە سەختە دەکات دوای تەواو بوونی کاری کۆمپانیا ئەمریکاییەکان، باس لەو جەردەییە دەکات کە ئەمریکایەکان سەرەتا بەڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر و دامەزراندنی بانکەکان دەستیان پێکرد و لەگەڵیشیدا زۆر پەیمانی خۆشگوزەرانی و

ئاوەدانکردنەوەیان  بەخەڵکی دا، بەڵام دوای ئەوەی هەرچی مۆزیان لەو وڵاتەدا چنیەوە، ئەو وڵاتەیان لە نەخۆشی و شەڕی ناوخۆ و برسێتیدا بەجێهێشت، تەنانەت تەقەکردن لەسەدان کرێکارانی مۆز یەکێکە لەو ڕووداونەیە مارکێز لە ڕۆمانی سەدساڵ تەنهاییدا باسی دەکا، ئەو درۆیانەی ئەمریکاییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر ژیانی  گەڵا بابردووەکان ، لە ڕۆمانی پایزی پاتریاکدا بەڕوونی تراژیدیای خۆی ئاشکرا دەکات، لەپایزی پاتریکدا باس لەوە دەکات کەچۆن ئەمریکاییەکان دەریای کاریبی وەک مەکینەیەک هەڵدەوەشێنن و پارچە پارچەی دەکەن و ژمارەی لێدەدەن و دەیخەنە نێو کارتۆنەوە ...

لەهەموو ڕۆمانەکانیدا مارکێز باس  لەو تاڵاییە مێژوویەدەکات کە یەکەم زەبری کوشندەی مرۆڤە هیلاکەکان خواردیان، ئەوانەی بە  گەڵای ی بابردوو  (هۆ جاراسکا) نێو زەد کرابوون.


سەرچاوەکان

1-گاربریل گارسیا مارکێز : ژیان لەپێناوی  گێڕانەوەدا .وەرگێڕانی لەئیسپانیەوە بۆ ئەڵمانی  :داگمار پلۆتز ،  دەزگای چاپی کیڤی ئەڵمانی 2002

Gabrel Garcia Marquez: Leben, um davon zu erzaehlen. KiWi Verlag 2002.

2-داگمار پلۆتز :گابریل گارسیا مارکیز . دەزگای ڕۆی ئەڵمانی 1992.

Dagmar Ploetz.: Gabriel Garcia Marquez. Rowohlt Verlag 1980

3-پیلینیو مینۆدۆزا /گابرێل گارسیا مارکێز  :بۆنی گوافێ  – دەزگای چاپی کیڤی ئەڵمانی 1982

-Gabrel Garcia Marquez :Der Gruch der Guavye. Gespraech mit Pilino Apuley

Menodoza. KiWi Verlag 1982.



ماركيز و كاسترۆ